**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بــڕیــاری ژمارە ( 9 )ی ساڵی 2014**

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1) ی ماددەی (10) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (1) ی ساڵی 2005 ی هەموارکراو پێمان دراوە، بڕیارماندا بە دەرکردنی بڕیاری ژمارە (19) ساڵی 2014 کە پەرلەمانی کوردستان-عێراق لە دانیشتنی ژمارە (18) لە 2014/7/23 پەسەندی کردوە :**

**بڕیاری ژمارە ( 19 )ی ساڵی 2014**
**تایبەت بەهێزەکانی پێشمەرگە**

**یەکەم:** وەزارەتی پێشمەرگە بۆ وەرگرتنی مووچەی مانگانە یەکەم وەزارەت دەبێت.

**دووەم:** پێویستە دەرماڵەی مەترسی تایبەت (الخطورة الخاصة) بۆ هێزی پێشمەرگە سەرف بکرێت.

**سێیەم:** مووچەی وەزارەتی پێشمەرگە هاوتای مووچەی هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

**چوارەم:** پێویستە هەموو هێزەکانی پێشمەرگە لە ماوەی شەش مانگ لە دەرچوونی ئەم بڕیارەوە لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا وەك هێزێکی نیشتیمانی یەك بخرێت، بەتایبەتی یەکەکانی (70و80 ) .

**پێنجەم:** پێویستە پێداچوونەوە بکرێت بە بەرزکردنەوە و بەرزبوونەوەی پلە(ترقية) سەربازییەکانی پێشمەرگە.

**شەشەم:** پێویستە نەسرییەی یەکەکانی هێزی پێشمەرگە یەك بخرێت.

**حەوتەم:** پێویستە مووچەخۆری بێ دەوام لە هێزەکانی پێشمەرگە نەهێڵرێت.

**هەشتەم:** پێویستە کاتی دەوام و پشووی هێزی پێشمەرگە یەك بخرێت.

**نۆیەم:** پێویستە هێزە ئەمنیەکان لە ناوچە کوردستانییەکان یەك بخرێن.

**دەیەم:** پێویستە هەموو ئەو چەك و تەقەمەنی و پێداویستیی وئامێرە سەربازییانەی لە پاش رووداوەکانی گرتنی موسڵ کەوتوونەتە دەست هێزە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان بگەڕێنرێنەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە.

**یازدەیەم:** پێویستە سووتەمەنی و پێداویستی تەندروستی بەشێوەیەکی باشتر بۆ هێزی پێشمەرگە دابین بکرێن.

**دوازدەیەم:** دابینکردنی خواردنی تەندروست و گەیاندنی بەهێزی پێشمەرگە لەکاتی خۆیدا.

**سێزدەیەم:** دابینکردنی چەك و تەقەمەنی پێویست بۆ هێزی پێشمەرگە.

**چواردەیەم:** ئەو پێشمەرگانەی کە شەهید دەبن دەبێت لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بەخاك بسپێردرێن و هاوکارییەکی ماددی خانەوادەکانیشیان بکرێت.

**پازدەهەم:** پێویستە حکومەتی هەرێم ئەرکی چارەسەری بریندارەکان لە ئەستۆ بگرێت، لە کاتی بریندار بونیانەوە تا چارەسەرکردنیان و، هاوکاری مادیش بکرێن.

**شازدەهەم:** پێویستە هێزی پێشمەرگە لەو جێیانە نەکشێتەوە کە لەدوای **2014/6/9** تێدا جێگیر بوون.

**حەڤدەهەم:** حکومەت لەکاتی کۆتایی هاتنی قەیرانی دارایی هەرێم، دەبێت هەموو ئەو بڕگانەی ئەم بڕیارە کە لە ئێستادا ناتوانرێت جێبەجێ بکرێن، جێبەجێیان بکات.

**هەژدەهەم:** پێویستە ئەنجومەنی وەزیران پێڕەو و ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات.

**نۆزدەیەم:** کار بەهێچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکرێت.

**بیستەهەم:** لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**بیست و یەك:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان )دا بلاّودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**